حكومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن

حكومة اقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جامعة صلاح الدين- اربيل
مديريه اعلام

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Salahaddin University-Erbil

ژمارە: ٥١٥١
ڕێکەوت: ١٨/٣/٢٠٢٤ زاینی
/ / ٢٧٢٤ کوردی

No :
Date:

## ئاگاداری بۆ سەرجەم کۆمپانیاکانی بواری ڕاگەیاندن

## ب/ دروستکردنی پرۆمۆی زانکۆی سەلاحەدین

سەرجەم کۆمپانیاکانی بواری ڕاگەیاندن ئاگادار دەکەینەوە کەوا زانکۆی سەلاحەدین نیازی دروستکردنی پرۆمۆی زانکۆی هەیە بەم تایبەتمەندییانەی کە لە هاوپێچەکەدا هاتووە . هەر کۆمپانیایەک ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە پێویستە داواکاری پێشکەشکردن ( عرض) لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا تاکو ( ٢٠٢٥/٣/٢٦) پێشکەش بە ئۆفیسی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی خوێندنی باڵا پێشکەش بکات .

.....لەگەڵ ڕێزدا.....

**هاوپێچ//**

*داواکاریەکان

**پ.ی.د. کامران یونس محمد امین**
**سەرۆکی زانکۆ**
١٨/٣

وێنەیەک بۆ :

. نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ لەگەڵ ڕێزدا
. نووسینگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا/ لەگەڵ بەراییەکان
. دەرکردە

شوێن: هەرێمی کوردستان – هەولێر – تەنیشت بەشەناوخۆیی (18)ی شوباتی کچان
ژمارەی تەلەفون: 009647508905510
Website.www.su.edu.krd
Mail:scientific.affairs@su.edu.krd

داواکارییەکان

- لە ڕوی فۆرمەوە

١- ماوەی پرۆمۆ: لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٢٠ چرکە بێت

٢- کوالیتی وێنەگرتن: پێویستە وێنەگرتنی بە کوالیتییەکی بەرز و ڕوون بێت. پێویستە لە کامێرای پیشەگەر و تەکنەلۆژیای نوێ بەکاربهێنرێت کە کوالیتی ( K٤ یان **k٦ و زیاتر) بێت

٣-ڕووناکی و ڕەنگ: ڕووناکی و ڕەنگەکان دەبێت بە شێوەیەکی گونجاو ڕێکخرابن. پێویستە لە ڕووناکییەکی سروشتی یان دەستکرد بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی وێنەکان بە ڕوونی دەرکەون.

٤- دیزاین و مۆنتاژی پیشەگەرانە: دیزاینی پرۆمۆکە دەبێت پیشەگەرانە بێت و ڕەنگدانەوەی بەرزی زانکۆی سەلاحەدین بکات. و ریتمی مۆنتاژەکە دەبێت بە شێوەیەکی گونجاو بێت. پێویستە برین لە کاتی گونجاو بۆ هەر وێنەیەک بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی بینەر بێزار نەبێت. ئەنیمەیشن و گرافیکەکان دەبێت بە شێوەیەکی پیشەگەر دروست بکرێن. پێویستە سود لە گرافیکی بەرزی کوالیتی وەربگیرێت بۆ ئەوەی پرۆمۆکە زیاتر کاریگەر بێت.

٥- بەکارهێنانی هێما و لوگۆ: نیشانە و لوگۆی زانکۆی سەلاحەدین دەبێت بە شێوەیەکی ڕوون و گونجاو لە پرۆمۆکەدا بەکاربهێنرێت.

٦- پاراستنی مافی دەنگ: دەبێت سەرجەم پێکهاتەکانی دەنگ وەک ( میوزیک، دەنگی نەرەیشن، کارتیکەری دەنگی) ڕەسەن بن و مافی کۆپی رایتی زانکۆی سلاحەدین بێت. میوزیک و کاریگەرییە دەنگییەکان دەبێت بە شێوەیەکی گونجاو بەکاربهێنرێن. پێویستە میوزیکی هاوئاهەنگ لەگەڵ ناوەڕۆکی پرۆمۆکەدا بەکاربهێنرێت. هاوکات ئەگەر دەقی قسەکردن هەبێت، دەبێت بە شێوەیەکی ڕوون و بەرز بێت. پێویستە لە دەنگی پیشەگەر بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی دەقەکان بە ڕوونی دەربکەون. پێویستە دەنگەکان بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ وێنەکاندا دابنرێت.

٧- کوالیتی دەنگ : پێویستە دەنگی پرۆمۆکە بە کوالیتییەکی بەرز و ڕوون بێت. پێویستە لە مایکرۆفۆنی پیشەگەر و سۆفتوێری دەنگ بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی دەنگەکان بە ڕوونی دەربکەون. بۆ وێنەگرتن، مۆنتاژ، دەنگ، پێویستە لە سۆفتوێری پیشەگەر وەک Adobe Premiere Pro و Final Cut Pro و یان هاوشێوەی کوالیتی ئەم بەرنامانە بەکاربهێنرێت. پێویستە لە کامێرا، مایکرۆفۆن، و ئامێرەکانی تری پیشەگەر بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی کوالیتییەکە بەرز بێت.

٨-- تاقیکردنەوەی کوالیتی:
پێش بڵاوکردنەوەی پرۆمۆکە، پێویستە کوالیتی وێنەگرتن، مۆنتاژ، و دەنگ تاقی بکرێتەوە. پێویستە لەسەر هەموو پلاتفۆرمەکان (وەک تەلەفزیۆن مۆبایل و کۆمپیوتەر) تاقی بکرێتەوە. ئەگەر هەر کێشەیەک هەبوو، پێویستە چاک بکرێتەوە لە لایەن کۆمپانیای بەرهەمهێنانی پرۆمۆکە بۆ ئەوەی کوالیتییەکە بەرز بێت.

- لە رووی ناوەرۆک:

١- نیشاندانی دامەزراوەکانی زانکۆی سلاحەدین: وەک (کۆلێژ و سیستەمی خوێندن،کتێبخانە، تاقیگەکان، و یاریگاکان و پرۆژەی قوتابیان) ئەمە دەبێت بە شێوەیەکی کورت و گونجاو کاریگەر بێت.

٢- ناوەڕۆکی پرۆمۆ: پێویسیتە سەرکەوتنەکانی قوتابیە بەتوانای زانکۆکە نیشاندەر بدات، ئەمە دەبێت بە شێوەیەکی هاندەر و کاریگەر بێت بۆ قوتابی نوێ.

٣- توێژینەوە و داهێنانەکانی زانکۆ: دەبێت نیشاندرا بێت بۆ ئەوەی بەرزی رانکی زانکۆکە نیشان بدات.

٤- نیشاندانی پرۆژە و چالاکییەکانی قوتابیان: پرۆژە و چالاکییە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان لە ناوەڕۆکی پرۆمۆکە هەبێت (وەک پرۆژە زانستی و هونەری و وەرزشیەکان، چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆنفرانس و سیمینارەکان) نیشان بدات. ئەمە دەبێت بە شێوەیەکی هاندەر بێت.

٥- هەڵبژاردنی شوێن: هەڵبژارەن و دەستنیشانکردنی ئەو لۆکەیشنانەی ناو زانکۆ کە پێوسیتە وێنەبگیریت و لەسەر داخوازی لیژنەی پرۆمۆیزانکۆ دەبێت، چونکە شارەزا و ئەزمونی ناو زانکۆی سلاحەدینن.

٦- خزمەتگوزارییەکانی زانکۆ: ( وەک خوێندنی خۆرای و پارالیل و داشکاندنەکان و خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان، یارمەتی دارایی، و یارمەتییەکانی تر) دەبێت نیشاندرا بێت.

٧-کۆتایی پرۆمۆکە هاندەر: ناوەڕۆکی پرۆمۆکە دەبێت کۆتاییەکی هاندەری هەبێت بۆ هاندانی قوتابی نوێ ئەمە دەبێت بە شێوەیەکی کاریگەر بێت.

•